# ادب استقبال از چند شعر مولوی

محمد انصافجویی

گەر زەڕەی شعور هەیە پێتەوە کە وتیان خودا ئەبڕێتەوە
دەیسا خوداوەند کەرەم کەردەوە تەفرەقەی یاران جەم ئاوەردەوە.

ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی مەولەوی کورد لە سنە بە بۆنەی ئەم یادە پیرۆزە گەرمترین سلاوی دلسوزانەمان پێشکەش ئەکەین بە گیانی نەمری پسپۆڕ و زاناو شاعێرو عارفی پایە بەرزی کورد مامۆستا سەید عەبدو ڕەحیمی مەولەوی و پیرۆزبای ئەلێین بە گەلی ئەدەب دۆس‌و ئەدەب پەروەری کوردستان بە تایبەت دانیشتوانی خۆشەویستی شاری سەقزو ماندو نەبی وە دەس مەڕێزا ئەکەین لە ئەو بەڕێزانە کە بە هەر هۆێ تێکۆشەرانەوە بێ‌و چان بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆنگەرەو مێهرەجانە پڕ شکۆیە هەوڵیان داوە.

بۆ شەکەتی دەرکردنیان شێعرێکی کورت پێشەکی پێشکەش ئەکەم بە ناوی ئەدەب:

**« ئەدەب »**

جێگە بەرزن خوێندەوارانی قوتابخانەی ئەدەب
سیس‌و ژاکاو نابێ هەرگیز گوڵ لە گوڵخانەی ئەدەب
ڕێ مەدەن سۆفی کە بێتە بەزمی یارانی سەفا
تا نەخواتەو بادەی سافی لە مەیخانەی ئەدەب

کـــەس نـــەڵێ بـەولاوە جـوانـمێرو دلێـرو پـاڵەوان
تـا بـەپاکـی پـا نـەنێتە گـەودی زۆرخـانەی ئـەدەب
من کچێکم خۆش دەوێ وێـرای جـوانـیو شـۆخو شـەنگ
خـۆی بـرازێـنێ بـە گـێل گـێلەو بـە لەرزانـەی ئـەدەب
ڕێـز ئـەدیب پـێویستە کـوردە ئـەرکی سـەرشانی گـەلە
(ئەهوەن)م کـڕنۆش ئـەبەم بـۆ خـاکـی ئـاسانەی ئـەدەب.

## « بانگەوازێ »

شـــەماڵ ئـــامانە فـــرسەتەن ســـادەی
کـرژیو چـالاکـی تـۆ ئـاخر پـەی کـەی
بشـــۆ نـەخزمەت شـای شـاهۆ نـەسەب
پـەی عـەرز دەعـوەت چـۆک دِەوە ئـەدەب
واچـــە بـــە زانـــای دەرون جـــەخەم کـــەیڵ
پـــەرێ مـــولاقات یـــاران کـــەرۆ مـــەیل
نــە هــەر گـوڵزارێ مـەشهور بـۆ یـەک گـوڵ
خـــەیاڵی روی تـــۆ ئـــاوەردەن نـــەدڵ
ئـــارەزوی وەگـــەرم دیـــدار تـــۆشەن
پـــەی دیـــدارتـــان فـەرداو ئـارۆشەن
جـــە شـــاری ســـەقز[1] بـــەزم شـادیەن
وادەی وەســـڵ دۆس خـــەم وە بـــادیەن

١ـ سەقز = شارێکی کوردستان، کە کونگرەی مەولەوی تێدا بەڕێوە چوو.

مەولام هوریزه بەرەو ئەم خێڵه
سەرشاتەو[١] ئەسحاو[٢] بەجێ بهێڵه
بە سەر سیروانا[٣] بەرماڵت راخە
نێرینه روبار پەی تۆ قەراخە
پیری سەرحەڵقەی شیرین کەڵامان
هەڵبەزه له بۆ بەرزی هەورامان
وه پیرشالیار[٤] سڵام بکیانه
روکەره لوتکەی کورەمیانه[٥]
له کێو چڵچەمه[٦] بسڕه گەردو تۆز
جێ بگره له سەر چیای نەکەرۆز
گرد ئینتزارەن شاعێرو نوسەر
وادەی دیدارەن پا بنێ وه بەر
حەزرەت شێخ حەسەن[٧] جەمەولاناوا
پەی وەش ئامایی هەر ئیسه یاوا
نەواچی من پیر ئوفتادەی دڵڕێش
ئیسه چەنی مەیل ئازیزانم چێش
تەشریف باوەره جەرگەمان جەم بۆ
بەڵ وەی جەم خەمێ جەلامان کەم بۆ

---

١ـ سەرشاتە = گوندێکە کە مەولەوی تێیا هاتووە دنیا و کۆچی دوایی کردووە.
٢ـ ئەسحاو = ناو گۆرستانێکە مەولەوی لەوێ نێژراوە
٣ـ سیروان = ڕوبارێکی گەورەیە لە کوردستان
۴ـ پیرشالیار = لە گەورە پیاوە ئایینیە کانی هەورامانە.
۵ـ کورەمیانە = کێوێکە بەرز نزیک بە مەریوان لە پاڵ گوندی (میانە).
٦ـ چڵچەمە = کێوێکی بەرزە لە خورخورە.
٧ـ شێخ حەسەن = پیرێکی گەورەی ناوچەی سەقز بووە.

ساقی لە بڕێز کەر جام مەیەکەت
نەیچی با بەرز بۆ نالەی نەیەکەت
با ئێمەیچ جە لوتف ئەو پیر سەروەر
جامێ جەوشەراو بکێشین وەسەر
بەڵ (ئەهوەن) بەی تەور خەم بدا وەباد
چەنی هام فەردان بنیشۆ وە شاد.

## "ئێستقبال لەچەند شێعرِ مەولەوی"

سازو مۆسیقاو نەوای هەست بزوێن
نەسیم بەربەیان هەوارگەی گەرمێن
ئەشعاری شیرین ناسک چون خەیاڵ
بۆ فێنکایی دڵ سروەی بای شەماڵ
ناسک نازداران وەک پەیکەر ڤنوس
خۆ پیشان دانو کیف کردن تاووس
چریکەی مورغان لارو لەنجەی کەو
ئاواز دەنگ خۆشان کورِ نیوەشەو
قرمەی قەڵبەزەو گرمەی سەراوان
سڵ کردن ئاسکو کەڵی سەرکاوان
پشکۆتن خونچە کەنینی گوڵان
لالەی سوروگەش نالەی بولبولان
لافاوی تورە شەپۆلی ئاڵوز
تۆفو کزیوەو کزەو سەرماو سۆز

ئـاویدەر(١) خـاڵ خـاڵ بـەفرو سـەهۆڵی
هـاژەی کـانیو ئـاو نـێو چـەمو دۆڵـی
ئـینە گـرد گـوڵچین جـە دیـوان تـۆن
مـەولەوی پـیرم خـاوەن شـەرتو شـۆن
شـێعرت زا خـاودەر دڵو دەرونـەن
شـەفا بـەخشی دەرد جـەستەی زەبـونەن
شـەرابو سـاقیو جـامو پـەیمانە
پـەی دیـدار دۆس کـردی بـەهانە

(ئـەی گـرد مـەوجودی جـە تـۆ گـرت مـایە
مـەوجود هـەر تـۆنی مـاسیوا سـایە)
(ئـەهوەن) بـێ شـەرمیت جـە حـەد ویـەردەن
وێت بـە هـاو شـانی مـەولەوی کـەردەن.
سنـە ـ ئەهوەن

١ ـ ئاویدەر = کێوێکی بەرزە لە پاڵی شاری سنە.